## باأةنجي (30) سالَي ث.م و (43) سالَي نةوةكاني شؤأش بةزاية نةضص!! ... خالَة حةمة

كۆرپەی یەكەم ڕۆژی شۆڕشی نوێی گەلەكەمان، ئەمڕۆ،كەساڵی (2004) ە تەمەنی پڕمەینەتی (43) ساڵی ڕەبەقە، پیری!! وهەژاری و كەمدەرامەتی سەری لێشێواندوەو خواخوایەتی ئازادی لەكوردستان سەقامگیر بێت و دڵەڕاوكێی براكوژی و نان پەیداكردن ڕێگای نەبەستێت.

خەباتیش بەهەموو شێوەكانیەوە، ژێرزەمینی و چەكداری،دژی دڕەندەترین ڕژێم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست یاخود ئاسیای گەورەو بچوك و ئەوروپای ڕۆژئاواو بەشی رۆژهەڵاتی، كەوەك ئەژدیهایەك كەڵەی كەڵەی نەوەكانی هەڵلوشین و، بەتوندی و بێ بەزەییانە بنەمای زۆربەی زۆری ڕەوشتە بەرزەكانی داتەپان و هەموو بەها پیرۆزەكانی تێكشێوان، بەردەوامەو بەشێكی پەیڕەوكردنی یاسا ناجۆرەكانیشی لەئەستۆماندایەو لە بێدەنگیا بەرپرسیارین!!

هەروەها بەڕاشكاوی ئەتوانین بڵێین لەخشتەچوونی كۆمەڵگای كوردی و داسەپانی دەسەڵاتی تاكڕەوی و بەرژەوەندی تەسكی بێكەڵكی حیزبایەتی و نەگەیشتن بەئاوات، هۆی سەرەكی لەپاش ڕژێمە خوێنخۆرەكەی حیزی بەعسی عەرەبی اشتراكیەوە دەگەڕێتەوە بۆ دووبەرەكی بێ كەڵك وناتەبایی بەڕیوەبەرەكانی شۆڕش كەتكاو پاڕانەوەی خەڵكی بێدەرەتانی كوردیان بەبێ بایەخ دەهاویشتە ژێرپێی جەنگە كورد كوژیەكەی بەری چاوی ڕەشكردبوون و هەریەكەیان لە گۆشەنیگای چاوی خۆیەوە بەرامبەرەكەی بە دوژمنێكی سەرسەخت ئەبینی و ئاگری ڕقیان بە خوینی نەوەكانی كورد هەڵدەگیرسان و هەر بەو خوێنەش ئەیانكوژایەوە.. .

لەكۆتاییشدا ئەڵێم لەدەستمانچوو (30) خەباتی كاكی پێشمەرگەو (43) قوربانی نەتەوەیەكی ستەمدیدە ئەگەر ببینەوە بە عێراقی و برا رشتاڵە خوێن گەرمەكانی عەرەب سەرپەرشتكاری كارەكانمان بن كە هەرگیز كوردستان بە نیشتمانی كورد لەقەڵەم نادەن و هەركاتی هەلێكیان بۆ بڕەخسێت هەرئەو ڕەشەسوارانەی ڕۆژگاری قادسیە چاوشۆڕەكەی (سەدام) ن كەهاتبوونە كوردستان و بەهەلهۆلەوە ئەیان ووت (احنا عرب اهل الغیرە.. . نترد اكراد من هالدیرە) .

گەشبینیشم بەدوارۆژی نەتەوەكەم ئەگەر دەنگ و هەنگاوو بازوی نەوەكانی هەڵوێستی بەمانا و مەردانەی لەدیكتاتۆر وەربچەرخێنێ و ڕەگێ دەسەڵاتیان دەربهێنن.. بەیەك دەنگ داوای بەرجەستەكردنی ڕیفڕاندۆم بكەن لەنەتەوەیەكگرتوەكان بۆ سەربەخۆیی كوردستان.

تاكاتی زێڕین و پرشنگدار بەسەرنەچوەو ئازادی دوور نەكەوتۆتەوەو دوومڵوێن دەنگی كورد نەخەساوە جارێكتر دەنگ هەڵبڕە با بەژێردەستەیی نەمریت و بەهەژاری ژیان نەبەیتەسەر!!

خاڵەحەمە/2004/12/5

دانمارك/ ڤالنی